به ناوی کوردستانی گەوره!

# ئافرەتی رۆژهەڵات کوردستان، هاو وڵاتی دەرەجە پێنج !!!!!!.

ح. س. سۆران.
Soran909@hotmail. com

هەر وەک دەزانین پۆلێن کردنی مرۆڤەکان، لە زووەوە لە جیهاندا باوە. بۆ وێنە دەڵێن هاووڵاتی دەرجە یەک یا دەرەجە دو. بەڵام پۆلێنی مرۆڤ لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لەونێکی دیکەیە، کە بە خاڵێکی زەق لە پەتای دەردە کورد دەزانرێ.

بۆ وێنە لێرەدا، ئە م پۆلێنە لە شارێکی وەک سەردەشت، لە پارێزگەی ئارربایجانی رۆژاوا، راڤە دەکەین :

١-هاو وڵاتی دەرەجە یەک :

فارس هاووڵاتی دەرجە یەکن، چون لە ئێراندا دەوڵەت فارسە، زمانی رەسمی فارسیە و رێوشوێنەکە تەواو پانفارسیزمە ( تەنانەت پانئێرانیزمیش نیە) .

٢- هاووڵاتی دەرەجە دو :

ترک ( ئازەری چی ؟) هاووڵاتی دەرەجە دون، چون زۆرتر زوربەی بەرپرسگەلی شار، لە ترکی ورمێ هەڵبژێرراون و نێرراون بۆ سەردەشت.

٣- هاووڵاتی دەرەجە سێ :

پیاو ی کورد لەو شارە هاووڵاتی دەرەجە سێن، چون لە یانە گەلی ئەوێ، کورد لە دوای فارس و ترکەوەیە، واتە بە دەگمەن بەرپرسی کورد دانراوە و کوردەکان زۆرتر کارمەندی ئاسایین.

٤- هاووڵاتی دەرەجە چوار :

ئافرەت ی کورد هاووڵاتی دەرەجە چوارە، چون لە بنەماڵەی سوننەتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، ژن جنسی دوهەمە - یانی پیاو دەرەجەیەکە و ئافرەت دەرەجە دو. بۆ وێنە میزانی ئیرسی پیاو دو بەرابەری ئیرسی ئافرەتە.

دەشزانین کە دنیا بوەتە باژاڕۆکی چکۆلەی جیهانی و تە نیا زلهێزی ئەو باژارۆکەش بە کوێخا ( ببورن ئاغا) ی ئەم شارە دێیە دادەنرێ ( کە ئێستا لە عێراق خەریکی ئاغایەتیە) ، ئەو کاتە ئافرەتی کورد دە بێتە هاووڵاتی دەرەجە پینج.

جا لەبەر ئەمە ...! ؟!؟!؟!؟!

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.